ئەلف: پێکخستن و وەدەرنانی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و دەوڵەتی لە وولاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا: گۆڕینی سیاسەت و یاساو ڕیساکانی مالتیکالچۆر لە هەر ووتاتیکدا، وەک دروشم و خواستێکی سەرکی ببێتە دواکاری بزوتنەوەکە و خەڵکی بدەوردا ڕێکخراو بکرێت. جیاکردنەوەی ئینسانەکان و دابەشکردنی کامل لە سەر بناغەی ئایین، تایفەی ئایینی، نەتەوەو ڕەگەزو ڕەنگی پێست، یان ئاسیایی و ئەوروپایی و ڕەژاواویی و ڕەژهەلاتی و باکورو باشور، پەویستە قەدەغە بکرێت و بخرێتە زبڵدانەوە، حەقارەت و بەگەنی ئەم نەریتە سیاسیە یە لە پەوانە نایەت. داخستنی مزگەوتەکان وەک جێگای پەروەردەکردنی فکری و سیاسی تیرۆریزم و ئیسلامی سیاسی، ئەمکارێکارەکە کە بە خەرایی پەویستە دەست پێبکرێت و زەمینەی کامەلایەتی بە هێزی هەیە بە مەرجەک خەی جیابکاتەوە لە ئاسیزم لە ئاستی سیاسی دا. هەوشانەوە یان قەدەغەکردنی فەوری هەر یاساو ڕیسایەکی ئیسلامی کە لەم ووتانە لە گیتەو مزگەوتەکان بەرەوە دەچێت لە پێوەند بە یاساکانی باری کەستیەوە، دیاریکردنی ئەمکارانە وەک تاوانێکی گەورە. ڕیگرتن لە شێوەی یان هاوبەشی شەر لە گەڵ ئەمریکا یان فەرەنساو بریتانیا لە ووتاتانی عێراق و لیبیا و یەمەن و سوریا... کشانەوەی دەست بەجیە هێزەکان یان وەستانی فەوری هەر جۆرە کامەکەک بە هاوپەیمانی ئەمریکاو جەنگە گاتەجاریێکەی دژ بە تیرۆر وە وەستانی فەوری جەنگی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی.
ئابوبردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکاو ووتاتانی دیکەی ئەوروپایی و هەروەها پەردە هەڵدانەوە لەسەر ناوەرۆکی تیرۆریزمانەی ئەم

جەنگە.

با: وەدەرنان و بن برکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی و ئیسلامی، لە ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا: بزووتنەوەیەکی بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ پاککردنەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و دەستکەوتاکرنی هەڵکانی لە دەسەڵات.
ئەم سیاستە لە هەمانکاتدا ناتوانیت بەدەنگ بەت بەرانبەر بە تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و هەروەها هەموو ئەو هێزانەی کە لە نیوخۆدا ڕێگەیان هەیە لە کەمەک کردنی هەردوو لای تیرۆریزمی دەوڵەتی و ئیسلامی دا... بەڵام لەهەمانکاتدا تەوەرەی سیاستی خەی لە بەرچاوەو ئەولەویەت و و ئاستەی سیاسی لەم هەلومەرجەدا بە بنەبەکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی یە.

وەستانەوە بەرانبەر بە تائیفەی سیاسی، خەبات دژی تیرۆرو هەڵە تیرۆریستیەکان بەبی خەباتکردن و وەستانەوە دژ بە تایفەگەری سیاسی مەیسەر نابەت. سەرچاوەیەکی سەرەکی گەشەو فراوانبونەوەی تیرۆریزم و کالچەری "خەکەژی جیهادی" ئایدەلۆژیای تایفەگەریە، بەهەردوو بەشی سونەو شیعەی سیاسی. بەڵام خەباتکردن دژ بە تایفەگەری لە نیو خەی شارەکانی ناوەراست و باشوری عیراق یان شارەکانی سوریا یان لوبنان دا ئەولەویەتی گەورەترو فەوری تری هەیە بەبەراورد لەگەڵ ئیران یان کوردوستانی عێراق...

مەسەلەیەکی دیکە بەڵکەخستنی "بزووتنەوەیەکی سکولار" لەم ووڵاتانەدا بەشەکە لە سیاستی کەمەنیستی و لە بزووتنەوەیەک دژ بە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی ئەگەرچی ئامانجەکانی تەپەر دەکات. باسەکە لەڕەدا کەمپین نیە بەڵکو ئەمرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کاری بزووتنەوەیەکی سیاسی گەورەو فراوانە کە ئامانجی جیاکردنەوەی دینە لە دەوڵەت و دەسەڵاتە نیوخەییەکان" شورای شارەکان و ناوچەکانی خودمختارو فیدرال" وە لە پەروەردەو خوێندن. مەبەست ئەوەیە سکولاریزم بەتە بزووتنەوەیەکی گەورەو فراوان، خوێندنی وانە ئاینیەکان لە قوتابخانەکان تا کۆتایی قۆناغی ئامادەیی قەدەغە بکرەت، مزگەوتی نەو پەیمانگاو زانکەکان دابخرێن، یاساکانی باری کەسیتی هەلبوشێنەوە... هەندی لەم خواستانە هەر ئیستا بەفەوری دەکرەت کاری لەسەر بکرەت و ئیمکانی بەدیهاتنی هەیە.

مەسەلەی سەرەکی لەڕەدا ئامادەکردن و هەنانە مەیدان و ڕەکخستنی خەکە دژ بە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی. کارەکی وا لە گەڕەکەک یان زانکە یان کارگەیەکەوە مومکنە دەست پە بکات... نەخشەکارەک بە بردنە

پیشەوای ئەم سیاسەتە لە ووڵاتەکەوە بۆ ئەوەی ترو تانانت لە کوردوستانی عیراق و عەراق و لە سوریادا لە شارەکەوە بۆ ئەوی دیکە دەگەڕێت و بۆ تایبەت لە سوریا جیاوازییەکی زۆری هەیە.

سێهەم: کاری فکری و تیۆری: ئەم ئەرکەکە و خۆی بەشیکە لەسیاسەت و بەشکە لە تەوەرەکانی سەرەوە. بەڵام من وەک خاڵیک جیام کردۆتەوە لە بەرئەوەی، وا بیر دەکەمەوە کە لاوازییەکی هەجگار گەورەمان لەم بوارەدا هەیەو پێویستی بەکاری هەجگار گەورەو فراوانە بۆ پەکردنەوەی کەلێنێک لە کەلێنەکانی. مەسەلەی سەرەکی لێرەدا وەک ئامانجێک بۆ ئەم ئەرکە: بەدیهێنانی کۆشکی کۆمەڵایەتی گونجاوە بۆ فکرو کاڵچۆری مارکسی و پێشکەوتنخوازو سکولارو یەکسانیخواز.....لێرەدا مەبەست کارو خەباتی فکری و تیۆرییە لە ئاستی کۆمەڵایەتیداو وەڵام بۆ گۆڕە بیریارانی ئیسلامی سیاسی و مالتیکالچەریزم و... ئەوەندەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبیت بەم باسمانەوە.

وا پێدەچیت کە ئەمە دوو ئەرکی جیاوازمان هەبێت، لە دوو مەیدانی جیاوازدا. لە باری ئەرک و کارەوە لەوانەیە هەندێک جیاوازی هەبێت. بەڵام بەگشتی بۆ چینی کرێکار وە بۆ خۆک لەم هەلومەرجەدا ، نان و ئەمنیەت بۆتە مەسەلەی سەرەکی. دابینکردنی ئەم دوو خواستە بۆبە دەستکەتاکردنی دەسکەاتی بورژوایی مەیسەر نابێت. دەستکەتاکردنی دەسکەاتی بورژوایی لە هەر شارێک یان ووڵاتێک یان ناوچەیەکی ڕۆژهەلات ناوەڕاستدا، کەمەکەکی گەورەو هەنگاوەکی گەورەیە لە ڕاستی دەستبەنەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتی و هەروەها تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و دابینکردنی ئەمنیەت و نان و هەروەها ئازادی. سێ ئامانج: دەستکەتاکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی، تیرۆریزمی ئیسلامی، و دابینکردنی خواستەکانی خەڵك . بەڵام چینی کریکار بۆ ئامانجێک وەڵام بۆ گشت خواست وئامانجەکان دەداتەوە. بۆ ئامانجیک پیویستە ئەم قۆناغە کورت بکرێتەوە: ئەویش دەرکەسانی دەسەلاتە لە ژیر دەستی دەسەلاتی بوژوایی لە هەر شوێن و شارو ناوچە و ووڵاتێک کە مومکن دەبێت.

**بۆ "ئەم جۆرە پێویستە بوەستێت"؟!**

وەستانی جۆرە مانای وەستانی کاولکارییە، وەستانی ویرانکردن و ڕوخاندنی خانو و جۆگا ژیانی خەڵکە، وەستانی دارمانی قوتابخانەو خەستەخانەو تەرەکانی ئاوو کارەبا و تەڵەفۆنە، وەستانی وێرانکردنی پردو تەرەکانی جادەوبانە... لەهەموو ئەوانە گرینگتر وەستانی نزیفی

خوین و کوشتنی مندالان و ژنان و لاوانە، وەستانی کوشتنی ئینسانەکانە کە زەربەی هەرزەریان چەکیان پێ نیە. لە هەمانکاتدا هاوەستانی ئاوارە بون و هاکردن و ماڵ بەجێهشتنە... ئەگەر تەنها لەبەر ئەم هۆیانە بیت دەبێت جەنگ بوەستێت. تەنانەت وەک فەرزێک ئەگەر ئەم جەنگە بە بنەبرکردنی داعش، دیسان دەبێت بوەستێت.

مەسەلەکە ئەوەنیە کە داعش لەناوببرێت، بەڵکو ئەوەیە کە وەرانکاری لەئادەمیزادەرو ئاوارەیی و بە سەروشوێنی بکەنە ژیانێکی ئاسایی خەڵک. مەسەلەکە ئەوەیە کە هیچ دەرمانێکیان پێ نیە خەڵک ئارام رابگرن و سەرمایە بەباشی بچەرخێنن. شەڕەکە وانیە یەک دوو مانگو تەواو دەبێت، بەیە دەبێت خەڵی هابگرێت گوایا داعشمان بە لە ناو دەبەن. ماهیەتی ئەم جەنگە وڵەم هەلومەرجە" راگوزەرە جیهانیەدا" ئەوەیە کە ناراستەوخۆ و درێژ خایانە. بە ئەوەی لەم دیاردەیە بگەین پێویستە لە چەند دیاردە بگەین: ئەزمەی قوڵی جیهانی سەرمایە و قۆناغەکانی زیاتری ئەزمەکە. دووەم: دورخستنەوەی جەنگی راستەوخۆی نەوان زلهێزەکان. سێهەم: نەبونی ئەلگەیەکی سەرمایە چ لەباری ئابوری وچ لە باری کالچەرو ئایدەلۆژیاوە، بەئەوەی بتوانن وەک سیستەمێکی کەمڵایەتی ومەقبول بەهێزی بەرن. ئەوەی کەماوەتەوە لە ئامادەنەبونی چینی کرێکار، وەک هێزێکی شۆرشگێری سیاسی ، تەنها بەربەریەتە. بورژوای دونیا بەربەریەتی هەڵبژاردوە بە هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی داهاتوی کەمڵگای بەشەری. باسەکە ئەوەیە قبول دەکرێت یان نا؟!

مەسەلەی جەنگی ئێستا و شەڕەکانی ئەوەنیە کە جەنگ لە ئەلیبە نەما، ئیتر مانای ئەوەیە خەلکی ئەلیبە شەر نابینننەوە، یان ئەگەر شەر لە موسڵ نەما ئیتر تەواو عیراق شەری تەدا نامێنێت. ئەم شێوانە لە چوارچیوەی جەنگی ئێستادا شەری دیکە بەرهەم دەهێنن. سروشتی سیاسی جەنگەکە لەم هەلومەرجەدا ئەوە دەخولقێنێ. لەهەر سەردەمیکدا بەکەنکرێتی باسی جەنگ هەر ئەوەنیە درێژەی سیاسەتە، لەوە گرینگتر ئەو ئەوەیە کە هەلومەرجەکە بناسین و وە سیاسەتەکە لەو هەلومەرجە دیاریکراوەدا چی یە و ئامانجی چیە؟! لە ئەفغانستانەوە سەیر بکەین تا ئێستا تیرەرو تیرەریزمی دەوڵەتی و ئیسلامی هەدوولایان گەورەترو فراونتر بونەوە. ئێستا زیاترو زیاترو توندو تیژ تر بە هەی گەورەبونی هەردوو جەری تیرەریزمەکە. هەرئێستا شەر لە ئەلیبە خەریکە کۆتایی دێت. لە تەدمرو لە باب شەرکیان گەرم کردوە. لە موسڵ ئەمریکا بە جۆرێک پشوی پیداوە، لە دەوروبەری تەلەعفەر حەشد گەرمی کردوە... بەبێ ناسینی هەلومەرجی هاگوزەری ئەمڕی دونیای

سەرمایە، ناتوانین درکی ئەم مەسەلەیە بکەین. بەم مانایە پیویستە ئەم جەنگە بوەستێت.

دیسان دەبێت ئەم جەنگە بوەستێت، چونکە پاشا گەردانی فکری و سیاسی و کالچەری هەجگار دواکەوتوو کەنەپەرست دوبارەو چەند بارە دەمزەرد دەکاتەوە... ئەمرۆ داعش و حەشد، وە لە داهاتویەکی نزیک لەوانە لغاو بەربوو تر بەرهەم دەهێنن. وتمان کە بورژوای دونیا موفلسە و ئەلتەرناتیفی ئایدەلۆژی پێ نیە، مەگەر دینکان و تائیفەکان زیندو بکاتەوەو بیان کات بەگژ یەکدا، مەگەر بیری دواکەوتو برەو پێ بدات. ئەوانیە ترامب وبایکست و بەرزبونەوی پێگەی ڕاست ڕۆژبە ڕۆژ هووڵەسەرە، مەسەلە ئەوەیە کە ڕۆژئاوای جاران بە مافی مرۆڤ و مافە فەردی و کەمەلایەتی و سیاسی و مەدەنیەکانەوە کۆتایی هات... ئەمرۆ لە ئەوروپادا دور نیە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ ئەحزابی مەسیحی سیاسی. هەر ئێستا ئەم جەنگە ئاستی قوڵبونەوەی کێشەو ململانێی تائفی نیوان شیعەو سوننەی بردۆتە ئاستێکی زۆر بەرزەوە، هەروەها کێشەی نێتەوەیی نێوان "کورد" و "تورک" وە "عەرەب" و "کورد لە ئاستی ناوچەکەدا.. ئەمە بەجیا لەوەی کە کالچەری میلیشیای و عەشیرەتگەری و فرانکردنەتەوەو لەوانەش مەترسیدارتر، مەرجەعیەتی ئیسلامی بەهەردوو تائفەکیەوە توندترو پایەدار تر کردۆتەوە. بەیە پیوسیتە ئەم جەنگە بوەستێت.

لە سەرەوە باسمان کردوە کە جەنگ سیاسەتەو وەستانیشی سیاسەتە، لەمبارەوە سیاسەتکمان پێشنیاز کردوە. جەنگ لە خۆە ناوەستێت، وە لایەنکانی جەنگ لەم هەلومەرجەدا ئامادەنین چەنگ بوەستینن، هەرسە لایەنکە ئامادەیە جەنگەکە درێژە پیبدا. مەسەلە هەلومەرجی مەژووی ئەم قەناغەیە. کەواتە دەبێت، ئەمە خەلکی دونیا، بیوەستێنیت. لیرە ئیمە دەرگیرین لە گەڵ گەورەترین کەسپی ئەم قەناغەدا، ئەویش نەبونی" ئەحزابی کەمۆنیستی جەماوەریە"، نەبونی ئەحزابی کەمۆنیستی بەهیزە کە کاریگەری بکاتە سەر ئاوگەرکابی ئەم قەناغە. حزبێک کە بتوانێت ناڕەزایەتی گەورەی جەماوەی و چەکداری بڕووی ئەم هەلومەرجەدا ڕێکخراوو یەکگرتوو بکات. ئەم کەسپە لە هەلومەرجی ئیستادا تەنها کەسپێکی زاتی نەماوە، بەڵکو ئەمرۆ بۆتە کەسپێکی بابەتی و مەژوویەک ئەم هەلومەرجەی خولقاندوە. ئەمە، کەمۆنیستەکانی ئەم قەناغە، هەردوو ئەرکەکە کەڵکە بوە بەسەرمانەوە. ئیگایەکمان نیە جگە لە چونە پێشەوە.

ئەم جەنگە بوەستێت لایەنی کەم خەڵک بیرێک لە ژیان و گوزەران و کارەبا و نانو بیکاری دەکاتەوە، بیرێک لە ژیان و گوزەران و

جانوبەرەکی و شۆنی نیشتەجێبونی دەکاتەوە. خەباتی چینەکان بە درێژایی درێژکەونەوە. هەروەها لە بارەی سیاسیەوە زەمینەیەک درێخست کە میلیشاکان و تیرۆرستەکان، زەمینەی کەمتریان دەبێت بە هاندانی خەڵک و کەشکردنیان بۆ نێو ڕیزەکانیان، زەمینەی کەمتر دەمێنی بۆ فراوانکردنەوەی قەشتی نێوان ئاینەکان و تایفە جیاوازەکان...وەستانی شەڕ تەنانەت ئاگر هەموو خواستەکانی خەلك جیبەجێ نەکات، ئەوە لایەنی کەم بەهێز کردنی تیرۆریزمی ئیسلامی لایەنی کەم بۆ چەک و بۆ ئەفراد و لایەنی لۆجیستیکی مانایەکی نامێنێت..لە کۆتایدا وەکورتی وەستانی جەنگ لەدانە لە سیاسەتی هەرسێ لایەنی جەنگێ. لەبەر هەموو ئەم مەسائیلە گرینگانە. پیویستە جەنگ بوەستێت. ١١دیسمبەر٢٠١٦

Saman.karim5@gmail.com

---

# کێشەکانمان لە گەڵ بەغداد لە سەر پرسی نەتەوەین یان وپارە و پێست ... جەزا ئەحمەد فارس

ئەم قەیرانەی کە ڕوو بەڕووی هەرێمی کوردستان کرایەوە زۆر شتی بۆ ڕونکردینەوە یەکێك لەو بابەتانە بریتی بوو لە کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ.
سەرکردە سیاسیەکانمان ئەمەیان بەوە هەدەخەتاند کە کێشەی کورد لە گەڵ بەغداد لە سەر پرسە نەتەوەییەکانە و ئەوان تا دوا هەناس دەجەنگن لە پێناو ناوچە جێناکەکان و بە دیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد.
بە تێپەڕبوونی کات دەستی سەرکردەسیاسیەکانمان کەشف بوو کە ئەوان بۆ پارە و پێست لەوێن مەبەستیانە کە پرسە نەتەوەییەکان تەنها وەك کایەك و بیفرۆشنەوە بە خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکەکان.
بڕیە لە (2003 ) هەوە تەنانەت یەك ناوچەی جێناکێکیش نەتوانراوە بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و یەك پرسی نەتەوەیش

نەتوانراوە بەرەو پێشەوە ببرێت.

سەرکردە سیاسیەکانمان لە بەغداد نمونەیەکی ناشیرینیان پێشکەش کرد چونکە ئەوان ئەوەندەی بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و بنەماڵەکەیان ،یان حیزبەکەیان لەوە بوون نیو هیندە بە خەمی هاوڵاتیان نەچوبوونە بەغداد.
لەپاڵ ئەوەی دەسەڵاتداری کورد لە بەغداد خەریکی پارە کۆکردنەوە و بەدەست هێنانی پۆست بوون لە ناو خۆشیاندا هەمیشە لە ململانێیە کی سەختدا بوون بە ئەوەی زۆر ترین پارە و پۆست بەدەست بیەنن بۆیە نەتوانرا ئامانجی نەتەوەی بەدەست بیەنرێت لە بەغداد.
ئە گەر سەرکردەکانی کورد بە عەقڵیەتێکی واقعی و دور لە خۆپەرستی خۆیان و حیزبەکانیان بچونایەتە بەغداد ئەوە بگومان پێگەی هەرێمی کوردستانیانی بە هێز دەکرد و دەیان توانی سود لە وداهاتە زۆرەی عێراق وەربگرن بۆئەوەی کە ئابورییە کی بەهێز درست بکەن بۆ هەرێمی کوردستان.
بەڵام بەداخەوە سەرکردە سیاسیەکانی کورد لە سەرەتای چونە بەغدادیانەوە لە پاڵ ئەوەی کە داهاتوو پۆستی گرنگیشیان بە دەست هێنا نەیاتوانی پرسی نەتەوەی کورد بەرەو پێشەوە بەرن لە بەر ئەوەی خەرقی گەندەڵیەکی گەورە بوو بوون.

کاتێك کە بوین بە بەشێك لە عێراقی فیدراڵ زۆر پۆستی گرنگ و پارەمان بە دەستهێنا بەڵام لە بەر ئەوەی نەمانتوانی بە شێوەیەکی عاقڵانە مامەڵە بکەین پێیانەوە ئەو پۆست وپارانە بونە مایەی ماڵوێرانی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.
سەرکردایەتی سیاسی کورد لەپاڵ ئەوەی بۆ پۆست و پارە چونە بەغداد خەڵکیان کردە قوربانی چونکە بە بەردەوامی کاریان لە سەر چەواشەکاری خەڵکی هەرێمی کوردستان کردووە کە ئەوان بۆ دەست کەوتی نەتەوەی چونەتە ئەوێ .
کاتێك عەرەبەکان بە سونەو شیعەوە تێگەشتن کە سەرکردایەتی سیاسی کورد سەرکدەیەکی خۆپەرستی گەندەڵن کەوتنە پەراوێز خستنی هەریمی کوردستان ، بەمەش پێگەمان لاواز بوو و ئەو سەنگ و قورسایەی کە هەمان بوو لەدەستماندا.

ئەوە پیاوە سیاسیەنەی کە لەدوای رووخانی حکومەتی بەعسی عێراقیەوە چونە بەغداد وەك نمایندەی کورد نەیان توانی سیاسەتێکی دروست بکەن بە ئاڕاستەی خزمەت کردنبێت بە پرسە نەتەوەییەکان بەتایبەتی لە بەدهێنانی خەونی گەڵانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

بۆیە خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکانیش کرانە قوربانی بەرژەوەندیەکانی گروپێکی بچووك لەسەرکردەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کە زۆر نەهامەتیان توشکردین.
لەکۆتایدا دەگەینە ئەواستیەی کاتێك کێشەمان لە گەڵ بەغداد بووە ئەوە کێشەکانمان لە سەر پێست و پارە بووە نەوەك لە سەر پرسی نەتەوەی ، هەمیشە پرسە نەتەوەییەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکار هێنراون لەلایەن سەرکردە سیاسیەکانمانەوە.

---

# مای نیم ئز لەیلا ێمانی حیکایەتە ئازەکانی سەرگەردانی مرۆڤ … ن/ شاخەوان سدیق

**پێویستە مرۆڤ کەسێك هەبێت لە ژیانیدا خۆشی بوێت، ئەگەرنا هەرکارێك بکات، شتێکی هەر کەمە. (لە ێمانەکەوە)**

لە کتێبی دووەمی یادەوەرییەکانیدا (ئەلبێرت کامۆ) باس لە ێی گرنگی نوسەر دەکات و دەێت" ئەو یەکەمین شتەی نووسەر پێویستە فێری ببێت، هونەری گێینی ئەو شتیە کە هەستی پێدەکات بۆ ئەوشتەی کە دەیەوێت ئەوانی تر هەستی پێبکەن" ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم وتەیەی (کامۆ)بدەین لەوە تێدەگەین کە لە دیدی ئەوەوە (نوسەر) کەسێکە کە جیاوازتر لەوانیتر لە دونیاو ئەوەی لەناویدا هەیە دەوانی و دواتر بە شێوازیتر دەیانگێێت بە کەرەستە گەلێك کە خەکانی تری نزیك لە ئەو بیبینن. واتە ئەو مرۆڤانەی پێیان دەوترێت (نوسەر) مرۆڤگەلێکن جیاواز لە توژەکانی تر دەبینن و تێدەفکرێن و پرسیار دەکەن،وەك (سوهراب) واتەنی " چاومان دەشێن و بەجۆرێکی کە دونیامان پیشاندەدەنەوە" بەام بەبۆای من بۆ تەواوکردنی وێنە گەورەکەی ئەم پێسەیە بەتەنها نوسەر گرنگنیەو ئەوەی ونەاکی بەدیوە گرنگەی ئەم بابەتە دەبەخسَێت، بوونی (خوێنەر) بەواتای وەرگرە، چونکە بەبۆای من هیچ تێکستێك چەند

بەهێزیش بێت لە واتاو دەربڕیندا بەبێ تێگەیشتنی خوێنەری وشیار هێشتا ناکامڵە، وەك ئەوەی (ئایەند فیدەرمان)دەڵێت" هەندێك خوێنەر تێکست پێدەکەن لە مانا" کەواتە بێ ئەوەی بەباشی لە گۆشەیەکی دیکەوە لە ڕێگەی تێکستەوە لە دونیا بڕوانین و تێبگەین دەبێت هاوکێشەی (نوسەر+ دیالۆگ + خوێنەر = ڕەخنەگر) هاوسەنگ بکەین، چونکە بەبێبوونی ئامادەی هەریەکێك لەمانە مومکین نییە، تێکست هیچ بایەخێکی هەبێت، چونکە خوێنەری باش، دەبێتە ڕەخنەگری باش و دوبارە مانا بە تێکست دەبەخشێتەوە، لێرەوە ئەگەر بکرێت وەك خوێنەرێك لە ژێر ڕۆشنای ئەو پێشەکییەی سەرەوەدا دەمەوێت کەمێك دەربارەی ڕۆمانی (مای نیم ئز لەیلا)ی کچە نوسەری ئێرانی (بی تا مەلەکوتی) بدوێم، کە ئەم ڕۆمانە بەرهەمی چاپکراوی ئەم ساڵی (بیستەهەمین ڤێستیڤاڵی گەلاوێژە) و لەلایان هاوڕێی وەرگێڕ (مەریوان هەڵەبجە)ی یەوە بە زمانێکی پاراو جوان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. ئەم نوسینەش لەو سۆنگەیەوەیە کە ڕۆژانە کتێبگەلێکی زۆر لە دونیای ئەدەبی ئێمەدا چاپ و باڵاودەکرێنەوەو لە ڕەفەکانی کتێبخانەی کوردیدا بەبڕەنگی دەمێننەوە و خوێنەران کە بەبڕوای من بەشە گرنگەکەی ڕۆحی تێکستن لە ئاستیاندا بڕەنگن، بۆئەوەی ئەم بەرهەمەش دوربێت لە دیواری ئەو بڕەنگیە ترسناکە،پێم خۆشبوو بۆچونی خۆم دەربارەی بنوسم. چونکە هاوڕام لەگەڵ قسەکەی ڕۆمان نووس (ئەمبرتۆ ئیکۆ)دا کەدەڵێت" خوێنەر تەنیا ئەو کەسە نییە کە کتێبێك دەگرێت بە دەستەوەو چاوەڕوانی نوسەرەکە دەکات شتێکی پێبڵێت، بەکو هەزکە لە پرسەی بەخشینی ماناو تێپەڕاندنی ئاسۆکانی نوسەردا بەشدارە، خوێنەر ئەو مانایانە دەدزێتەوە کەلە سنوری خەیاڵی نوسەر تێدەپەڕن، واتە کەسێك نییە ئیشی تەنیا وەرگرتن بێت، بەکو کەسکە خۆی بە سەرچاوەی تەفسیر و تێوانین دەبینێت"

**چیرۆکی ڕۆمانەکە:**

ئەم ڕۆمانە باسکردنە لە چیرۆکی ژیانی مرۆڤ گەلێك کە بەنەوەی بینەری ساتەکانی شکست و بەهیوای شۆشی گەلانی ئێران لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ناودەبرێن، ئەو شۆشەی کەپاش ئازارو مەینەتیەکان، ئێرانیەکان دژی سیستمی شانشینی و هێنانەکایەی حکومەتێکی نوێ بەهیوای باشتربوونی ژیان ئەنجامیاندا ،بەڵام وەزرێك لە شۆشەکانی تری دونیا و بە پێچەوانەوە شۆش و ئامانجەکانی بێ زرێك لە ئێرانیەکان لەو وڵاتەدا دەبێتە دزەخ، ئەویش دوای پێکدادانی گروپە چەپو ڕاست ڕەوەکان و لە سەدارەدانی هەزاران لاوی ئازادیخواز بەناو تەمەتی جێراوجێرەوە، کە ئەمەش وای

کرد کچی بەڵشاوی ئیرانیەکان بۆ تاراوگە دەستپێبکات و جارێکی تر نیشتمان بۆ زۆرێك لەوان ببێتەوەبە زیندانێکی گەورە، وەك ئەوەی (بەختیار عەلیش) لە وتارێك دەربارەی شکست پێی وایە" مژووی مرۆڤایەتی هیچ نییە، جگە لە قەسابخانەیەکی گەورە بەناوی شکستەوە" لەم ڕوانگەیەوە خانمی (مەلەکوتی) باس لە چیرۆکی ژیانی پۆ لە نەهامەتی هەندێك لەو هاوڵاتیە ئێرانیە تاراوگە نشینانەی وڵاتی (ئەمریکا) دەکات کە خەم و دوریەکانی غوربەت، هەناوی کەرت و پەرتکردون و یادەوەری تەنگی پێهەڵچنیون، بەجۆرێك کە لە چەند شوێنێکی ڕوانگەدا هەندێك لە کارەکتەرەکان لە خۆ ونکردن نزیك دەبنەوە، تا دەگاتە ئەوەی سەرەنجام یەکێك لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی ڕوانگەکە خود کوژی دەکات و لەسەر پردێکەوە خۆی هەڵدەداتە خوارەوەو کۆتای بە ژیانی خۆی دێنێت. بەگشتی ڕوانگەکە یاریکردنێکە لە نێوان هەردوو بڵۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواداو هەوڵێکە بۆ پیشاندانەکانی نائومێدیەکانی ئینسان کە ئەگەر بیەوێت لە هەرکوێیەکی ئەم دونیایەدا بژی.

**تەکنیك و زمان. وەك دوانەی بەهێزی گێڕانەوە.**

لە ڕاستیدا و بۆ من وەك خوێنەرێك، چیرۆکی ئەم ڕوانگە حیکایەتێکی سادەو ساکار و ئاسایی بوو، وەك زۆرێك لە چیرۆکی ئەو ڕوانگانەی کە کەڵکیان دەیانبینین و دەیان خوێنینەوە، بەڵام ئەوەی جێگای بایەخ و لەسەر وەستانە لەم ڕوانگەدا بونی تەکنیکی بەهێزی گێڕانەوەو زمانە ئاست بەرزەکەیەتی کە بوەتە هۆی جوان و بەهێز داڕشتنی ڕستەکان و بەستنەوەیان بەیەکەوە، ئەمەش بەهاوکاری و بوونی شیعریەت لە ساتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، کە بەدیلگی (پینگ پۆنگ)ی کورت و خێرا ڕستەکانی داڕژاون، ئەویش بەجۆرێك لەکاتی خوێنەوەدا هەردەڕی کورتە چیرۆك دەخوێنیتەوە، نەك ڕۆمان. کە بە بۆای من ئەمانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم خانمە نوسەرە خۆی هەم (شانۆکارو شیعر)نوسەو کاریگەری خوێندنەوەی چیرۆکی جیهانیشی لەسەرە کە بە ئاسانی لەکارەکەیدا هەستی پێدەکەرێت، بەتایبەت چیرۆکەکانی نوسەران (هەنگوای ئەمریکی و چیخۆفی ڕوسی) ئەم ڕۆمانە لە ڕووی تەکنیکەوە دابەشکراوە بەسەر (حەڤدە) بەشی جیاوازو سەربەخۆدا، بەجۆرێك هەربەشەی دەتوانرێت وەك چیرۆکێکی سەربەخۆی ڕوداو ئامێز مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، واتە لەم ڕۆمانەدا لە هەربەشێکەوە بتەوێت دەست بەخوێندنەوە بکەیت دەتوانیت و تیمای سەرەکی ڕۆمانەکە تێك ناچێت، ئەم ڕۆمانە سێ گێڕەوەی سەرەکی هەیەو دەنگی هەریەکێك لەو حیکایەت خوانانەش سەربەخۆو جیاوازن، بەجۆرێك هەریەکێك لەوانە بەجۆرێکی جیاو تایبەت چیرۆك و ڕوداوەکانی خۆی و

بەشـوەی گرچنـی تـایبەت بـەخـی چیرـکەکـەی دەگرـتـەوە. ئەمـەش نیشاندەری تواناو لـهاتوی و شارەزای نوسەرە لە چـنـتی نوسینی ـمان و شـوازەکانی لەمـدا.

**سەرنج لەسەر ـمانەکە:**
بـگومان هەموو بەرهەمـکی ئەدەبی چەند بەبایەخ و گرنگیش بـت، هـشتا بە ئەندازەی ئەوەش لایەنی دیکە دەمـنـتەوە بـ قسەکردن دەربارەی هەندـك خاـ لاواز تیایدا، بەبـوای من ئەمەش یەکـکە لە جوانیەکانی ئەدەب کە گـشە نیگای زـر و جیاوازی بـ بینین هەیە، من لە خـنەوەی ئەم ـمانەدا بەر ئەم خاـانەی خوارەوە کەوتم کە ناکرـت بوترـت کەموکورتین لە کارەکەدا تەنها تـبینین و بەبـوای من دەبوو نوسەر باشتر کاری لەسەر بکردنایە.
یەکەم: زـرـك لە ـوەداوەکانی ناو ـمانەکە ئاـزن، بەجـرـك ئەگەر خـنەری شارەزا نەبـت ـەنگە ئاسان نەبـت هەندـك ـوداو کارەکتەر بەئاسانی بـت جیابکرـتەوە، کە رەنگە ئالـزی گـانەوەکە نوسەر لە خزمەت تەکنیکەکەی بەکاری ـنابـت، بەـام سەرەنجام هەرچـنـك بیت خـنەر توشی مەلـل دەکات.
دووەم/ تەواوی ـمانەکە بە نەفەسی شانـیی نوسراوەو کەمتر نوسەر توانیوـتی خـی لە وـنەی درامایی بپارـزـت، کە دەکرا باشتر و لە ـگەی دیالـکی کارەکتەرەکانەوە خـی لەم حاـەتە بپاراستایە و زیاتر لە سینەما نزیك بکەوتایەتەوە.
سـیەم/ ئەگەرچی ـمانەکە لە وـاتی فەرەنساو دوور لە سانسـر چاپکراوە، بەـام لە زـرـك لە دیمەنە (ئیرـتیکیە)کاندا، نوسەر خـی سانسـری کردوەو حەقی تەواوی بە گـانەوەی ساتەکانی ـوداوەکە نەداوەو شەرمـکی زـر بە نوسینەکەوە لەو ساتانەدا دیارە، کە خـنەر بەئاسانی هەستدەکات نوسەر خـی سانسـرو ـگرە لە بەردەم (ـاوی) حیکایەتەکاندا. ـ باشتر تەعبیرکردنی ئەو ساتانە.
چوارەم/ ئەگەرچی ـمانەکە باسکردنە لە نائومـدی و نەهامەتیەکانی مرـق بە هەردوو ـەکەزەکەیەوە، بەـام ساتە تراژیدیەکانیش لەم ئیشەدا زـر نەرم و نیان گـاونەتەوە بە زمانـکی تەواو کچانە، کە بەبـوای من نوسەر لە کاتی قسەکردنی کارەکتەرە پیاوەکاندا نەی توانیوە لە کچ بونی خـی دەربازببـتن، بـیە لەکاتی خـنەوەی ـمانەکەدا یەکـاست بەر نوسین بە زمانی (فـمینستیان)ە دەکەویت.

**ئەم ـمانە ـ بیخـنینەوە:**
(هاشمی ئەحمەد زادە) لە کتـبی (جیهانی ـمان)دا پـی وایە" ـمان لەجیاتی نوـنەرایەتیکردنی هەموو جیهان، تەنیا ـوناکی دەبەخشـتە

سەر هەندێك خاڵ بۆ دەستپێكاگەیشتن بە جیهان" لە ئێستادا و بەگشتی مرۆڤ لە هەر شوێنكی ئەم زەویەدا بێت و هەرچۆن بژی بەهیوایەكی گەورە بیركردنەوەی تەنیوە، بۆیە زۆر جار بەم سەردەمە دەوترێت چاخی مرۆڤە نا ئومێدە گەورەكان، لەم ڕووماندا نوسەر هەوڵیداوە باس لە ئێستای دۆخی مرۆڤ لە دوو جەمسەر دونیادا بكات و بیبەستێتەوە بە دوو كلتوری جیاوازوە، ئەویش بە پیشاندانی ئەو نا ئومێدیە قوڵەی كە لە ڕۆح و جستەی مرۆڤدا سەرەڕای بوونی تەكنەلۆژیاو پێشكەوتن مەدەرنە دروستی كردوون، نوسەر دەیەوێت لە ڕوگەی ئەم ڕوماندوە باس لە نەهامەتیەكانی شێواش و خەمەكانی مرۆڤ لە ئاوارەبون و تەنهای غوربەت بكات، باس لە عیشق و تەنهای و جیابونەوە و هەستانەوەی دواتری دوای شكست، باس لە ونبونی مرۆڤ لە شارەگەورەكاندا دەكات، كە چۆن جۆرێكە مرۆڤ بۆتە ڕوبۆتێكی گەورەو لە قەبارەختترین جۆگادا هەست بە تەنهای گەورە دەكات، بەجۆرێك ئەگەر وشیاری نەبێت ئەستەمە بەئاسانی خۆی بدزیتەوە، نوسەر بە دەربڕین و داشتنی هەموو ئەمانەش زمانێكی تەواو پڕلە هارمۆنیای مۆسیقی بەكارهێناوە كە خوێنەر پەرەگراف بەدوای خۆیدا ڕادەكێشێت، بۆیە بەبۆای من خوێندنەوەی ئەم ڕومانە بۆ خوێنەرانی ئێستای ئێمە گرنگە، چونكە ڕومانەكە جگە لە تەكنیكە بەرزەكەی خاوەنی چیرۆكێكیشە كە تاڕادەیەك لە ژیانی ئێستای زۆربەمانەوە نزیكە، وەك نوسەریش خۆی دەربارەی ئەم ڕومانە دەڵێت" بۆ نوسینی ئەم كتێبە خۆم دەسوتام و وشەكانی ڕومانەكە یەك یەك دادەگیرسان" من بەهیوام لەم نوسینەمدا ناهەقیم لە گێڕانەوەی تیكستەكە نەكردبێت و خۆتان بەخوێندنەوەی چۆژی ڕاستەقینە لە ڕومانەكە وەرگرن و ئەم نوسینەی منیش تەنها وەك ناساندێكی كورت چاولێبكەن. سوپاس بۆ وەرگێڕی ئەزیز(مەریوان هەڵەبجەی) لەپای ئەو وەرگێڕانە جوانە بەو زمانە پاراوەو ناساندنمان بەم بەرهەمە ناوازەیە. بەهیوام لە داهاتوودا بەرهەمی زیاتری (بی تا مەلەكوتی) بخوێنینەوە.

_____

بۆ ئەم نوسینە سودم لەم كتێبانە وەرگرتووە.


1- خوێنەری كوشندە_بەختیار عەلی_ 2005
2- جیهانی ڕومان_ هاشم ئەحمەد زادە_2015
3- بیرەوەریەكانی ئەلبیرت كامۆ_وەرگێڕانی_پێشەوە حسین.

# ململانێی ئەمریکا لە پێشەنگی ئابووری جیهانی ... ڕوبین نەریمان

ململانێی امریکا لە پێشەنگی ئابووری جیهانی ستراتیجیەت و ئامانجە کە بەشێوەیەکی زۆر باش توانیویەتی بازاڕ و پیشەسازی بەرەو پێش بەرێت و سەرچاوەی ووزەی جیهانی لەبەرژەوەندی ئابووری امریکادا بەکاربهێنێت .

ووتاتی چین کە رکابەری امریکایە هەوڵ دەدات بە گەیشتن بە پێشەنگی ئابووری جیهانی و ململانێیەکی توند دەکات کە بەجۆرێک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نزیک دەبێتەوە لە ئامانجەکەی.
چین خاوەنی گەورەترین سەرچاوەی مرۆی جیهانی و جبەخانەیەکی گەورەو پێشکەووتوی سەربازی و ئابوریەکی گەشەکردووە بەیە ەووبەروبونەوەو ڕاگرتنی چین کارێکی ئاسان نیە بە امریکا .
بازاری ناوخۆی چین پشتی بە بەرهەمی ناوخۆیی سادەو پیشەسازی بچوک بەستوە بە جۆرێک بازاری چینی داپێشیوە پێویستی بە هیچ بەرهەمێکی هاوردە نیە .
چین خاوەنی پیشەسازیەکی گەورەیە کە لە توانایدا بەشێکی زۆری پێداویستیەکانی جیهان لە ئەلەکترۆنیات و پیشەسازی پەترۆکیمیاوی و چێک دابین بکات ، لە ەوی کوشتوکاڵەوە بازاری ناوخۆیی تێردەکات .
خاڵی لاوازی ئابووری چین ووزەیە کە سەرکەی تریانیان نەوتە کە لە ڕۆژکدا ١٢ ملیۆن بەرمیل هاوردە دەکات تەواوی بەکاردەهێنێت بە ئەوەی بتوانێت نەوت هەبگرێت بە کاتی پێویست.

امریکا جیاوارتر لە امپراتۆرە جیهانیەکانی پێش خۆی یاری دەکات بە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لە ەووبەرووبونەوەی نیارە کانی ، خۆی لە ململانێ سەربازیەکان بە دوور دەگرێت لەگەڵ وەاتە زلهێزەکانی جیهان، فشارە ئابوریەکانی زیاد دەکات لەسەر چین بەتایبەتی لە بواری ووزەدا .
بەیە دەستگرتن بەسەر سەرچاوەی نەوتی جیهانی و بەرزبوونەوە و نزمبونەوەی نرخی نەوت و تەواوی گۆرانکاریەیە جیهانیەکان وکێشە هەرمایەتیەکانی ناوچەکە لە کاتی ئێستادا لەخزمەتی ستراتیجیەتی امریکایە بە لەدانی ئابووری چین .

لە نزمبونەوەی نرخی نەوتدا وەاتانی بەرهەمهێن زیان لە ئابوریيان دراو توشی کورت هێنانی بوودجەبوون کە امریکا رێژەیەکی زۆری نەوتی خاوی جیهانی دەکرێت کە دەکاتە ٢٢% بەرهەمی نەوتی جیهانی کە ڕێژەیەکی بەکاردەهێنێت و ڕێژەیەکی هەندەگرێت لە چاڵە نەوتە بەردینەکان و دەست کردەکانی امریکا .
بە لێدانی ئابووری چین امریکا لە داهاتوودا نرخی نەوت بەرزدەکاتەوە بەجۆرێک کاریگەریەکی بەرچاوی هەبێت لەسەر ئابووری چین بە بەدورکەوتنی امریکا لەزیانی زیادبوونی نرخی نەوت ، نەوتی هەڵگیراوی خێی بەکاردێنێت کە بەهەرزان لەمەدا دەیکڕێت .

بە بەرزبونەوەی نرخی نەوت دەبێت ڕێژەی نەوتی بەرهەمهێنانی جیهانی کەمبێتەوە کە لە ئێستادا ٩٢ ملیۆن بەرمیلە لە ڕێژەکەدا ، کە تەواوی وەاتانی بەرهەمهێن خوازیاری بەرزبونەوەی نرخی نەوتن بەڵام کام وەاتی جیهانی هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان !!
بە بەرزکردنەوەی نرخی نەوت امریکا سیناریۆی زەر خراپی ئامادە کردوە بە وەاتانی بەرهەمهێن کە چاوەڕێی نەهامەتی زیاتر و جەنگی زیاتربین .
بەوپەیەی وەاتانی ناوچەکە ( ووەاتانی کەنداو عێراق ئێران ) ڕێژەی٣٠% نەوتی جیهانی بەرهەمدێنن و کێشەی مێژووی و ململانێ لەنێوانیاندا هەیە بە ئاسانی امریکا دەیانخزێنێتە شەڕکی کاولکاریيەوە کە توانای هێناردەکردنی نەوتیان نەمێنێت کە لەهەمانکاتدا ئاسایشی اسرائیل پارێزراوتر دەبێت و نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە .

پێش بینی دەکەم نرخی نەوت تا چەند ساڵێکی تر بەوجۆرە بێت کە لە ٦٠$ تێنەپەڕێت، تا ئەو کاتەی امریکا بەشی چەند ساڵێک ململانێی توند لەگەڵ ئابوری چین نەوتی پەوویست هەڵدەگرێت وە لەدوای ساڵی ٢٠٢٠ بچێتە زیاتر لە ٢٠٠$

---

# سوودو قازانجی کەمپانیا

# زەبەلاحەکان و پەیوەندی دیبلۆماسیانەی دەوڵەتان، هیچ وەخت باکی بە مافی مرۆڤ نییە

**زاهیر باهیر – لەندەن**
**10/12/2016**

ئەو کارەساتانەی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین-دا و لە ئەفگانستان و هاتانی دیکە دەگوزەرێ ، ملۆنەها خەڵکی بێچارەی کردۆتە قوربانی، کە بەشی زۆریان منداڵان و ئافرەت و پیر و پەککەوتوانن. ئەوەی کە لە ئێستادا بە بەرچاوەوەیە و ڕۆژانە میدیاکان دەیانهێننەوە یادمان ، سوریا و یەمەنن.
ماوەی چەند ڕۆژکە لە بریتانیا بەهۆی ئەو ڕاپۆرت و دەنگوباسانە کە لەسەر یەمەن دەگوترێت و کوشتنی خەڵکانێکی زۆر و قوربانیبوونی ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان کە زۆرێکی ئەم قوربانیانە بە فڕۆکە و چەکی عەرەبی سعوودییە . ئامارەکانی ڕۆژنامەی گاردیان کە لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی وەرگرتووە نیشانی دەدەن ، لە سەدا 60 ی ئەو2067 ی کە بوونەتە قوربانی لەیەمەن لە مانگی تەموزی پارەکەوە، خەڵکانی سیڤلن. ( کە ئەم ئامارە زۆر کەمترە لە ئاماری حەقیقی ) بۆ ئەمەش سعوودییە بەرپرسیارە. هەروەها لە مانگی جێنیوەری ئەمساڵدا هەر ڕاپۆرتی دەوڵەتە یەکگرتووەکان دەڵێت، کە 119 هێرشی ئاسمانی کراوەتە سەر یەمەن هەر هەموویان مافی مرۆڤی نوێدەوڵەتی بەزاندووە ئەمە جگە لەوەی کە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس دەربەدەربوون . هەموو ئەم هێرشانە و هۆکاری خەستکردنەوەی شەڕەکە و کوژرانی خەڵکانی زیاتر ، خودیی سعوودییەڕ ، چەکەکانی سعودییەش بریتانین ، سعودییە بە تایبەتی و کەنداو بە گشتی بازاڕێکی گەورەی فرۆشتنی چەکن بۆ بریتانیا .

ئەمانە هەمووی دەنگوباسێکی گەورەی لە لایەن میدیای ئێرەوە ( بریتانی) دروستکردووە هاوکاتیش بووەتە سەریەشەیەکی گەورە بۆ حکومەتی ئێرە کە لەم هەفتەیەدا ‘ تیرۆزە مەی ‘ سەرەکوەزیرانی ئێرە چوو بۆ سەردانی کەنداو و لەوێ پاشای سعودییە و ئەمیری بەحرەینی دیت و وەلای بریتانیای بۆیان دووبارە کردەوە .
هەر لەم کاتەشدا وەزیری دەرەوەی بریتانیا ، ‘ بۆریس جۆنسۆن’ هەفتەی ڕابوردوو لە کۆنفرانسەکەی ‘ڕۆم ‘ پایتەختی ئیتالیا، باسی

لە هەسوکەوتی سعودییەو و ئێران کرد ، کە لەوێدا شتێکی جاوەڕواننەکراو و نەشیاو ، بوو، کە بێ کەسێکی وەکو ئەو کە نوێنەرایەتی حکومەتەکەی دەکات. وتی " سیاسیی هەن کە دین دەشوێنن و بەخراپ بەکاری دەهینن، پەیەی جیاوازی هەمان دین بەکاردەهێنن تاکو ئامانجە سیاسییەکانیان فراوانتر بکەن . ئەوەش یەکێکە لە گەورەترین گرفتە سیاسییەکەی هەر هەموو ناوچەکە ، تراژیدیاکەش بۆ من ئەوەیە کە لێرەدا تۆ ئەم شەڕانەت بە وەکالەت هەیە و هەموو وەختێکیش هەر شەڕە لەو ناوچەیەدا – ئایا ئەمەش لەبەرئەوەیە کە سەرکردایەتییەکی بەهێز لەناو خودی ئەو وڵاتانەدا نییە." درێژە بە قسەکانی دەداو دەڵێت " هەر لەبەر ئەوەشە کە سعوودییە و ئێران و هەموو کەسێک دەچنە ناوەوە و هەروەها چەواشەکاریی دەکەن و کێشەکان دەشێوێنن و ڕێگی شەڕەکان بە وەکالەت دەگێڕن"
گەرچی ' بڕی جێنسێن' ئەم قسانەی کرد بەڵام نە دانی بەوەدا نا کە چێن و سعوودییە ئەو ئاگرە خۆش دەکات و بە چەکی کۆش؟ نە حەڵکیشی هەبوو و هەیە بۆ ئەو کێشەیە ، تەنها وەکو قسە دەرپەڕاندنێك بوو، نە شتێکی دیکە. بۆ گومان ئەم قسانە پێچەوانەی سیاسەتی حکومەتی بریتانی بوو کە هەرگیز ناخوازن بە ئاشکرا ڕەخنەی هاوپەیمانەکانیان بکەن ، چونکە ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگە " بزنس بەردەوام بێت و بۆ ئەمەش پەیوەندی لە تەکیانا ئاسایی بێت" ئیدی ئەوە گرنگ نییە چەندێك لە دانیشتوانی بێتاوانی وڵاتان دەکوژرێت. ئەوەی گرنگە دەروازەی کۆمپانیا چەکفرۆشەکان دانەخرێن و کرێکارەکانمان بۆ کار نەبن تاکو سەریەشە بۆ حکومەت دروستنەکەن و جارێکی دیکەش دەنگیان بۆ بدەنەوە بییانکەنەوە بەمەزمی گیانی خۆیان.

ئەوەی گرنگە لێرەدا کە تێبینی بکرێت ، هەر ئەوە نییە کە دەسەڵات و کۆمپانیاکان بۆ باك و بۆ منەت بن لە کوژرانی خەڵکانێکی زۆر و وێرانکردنی وڵاتانی دیکە و ژینگەکەشیان ، بەکو هاوکرێکارەکانیشمان دەستیان هەر بەو خوێنە ، لە پێناوی بژێوی خۆیاندا و لەدەستنەدانی کارەکانیانا ، هەر سووڕە.
کرێکارەکانمان کە لە لایەن چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە دەپەرستڕێن و دەیانەوێت جێەوی شۆشیان بدەنە دەست و بیانکەنە مەزمێکی دیکە بەسەرمانەوە ، کاتێك کە دەسەڵات دەگرنە دەست ، هەمیشە لە دامێنی بۆ کاران و قوتابیان و خانەنشینکراوان و پیر و پەککەوتوانەوەن لە هەوڵستی شۆشگێڕیانا و پەرشییان و بایاخیان بۆ شکاندن. نەك هەر ئەمەش ، بەکو جاری وا هەیە ، بە چەند میلێکیش لە دوای سەرکردە و هەندێك لە پەلەمانتارە چەپەکانیشەوەن.

نموونه لێرەدا، لە بریتانیا، زۆرن، بەڵام من تەنها هەر دوو نموونە دەهێنمەوە. یەکەم: ئەمساڵ لە کۆنفرانسی پارتی کرێکارانی بریتانیا کە ‘جەرمی کۆربن’ سەرکۆتی و کابرایەکە کە ئابووریەکی زۆر پاك و پێ لە خەبات و تێکۆشانی هەیە و زۆریش دژی چەکی نوەوی و ئوستولە حەربییەکانی بریتانییەیە و هاوکاتیش دەستی ژینگەیە هەر وەکو هەموو وەختێکی دیکەی دژی نوژەنکردنەوە و چالاککردنەوەی ئەوانە، وەستایەوە.

لە کۆنفرانسەکە پێشنیازێکی پێشکەش، کرد تاکو پەلەمانتارەکانی حیزبەکەی دژ بەو نۆژەنکردنەوە ئەوانەی سەرەوە دەنگبدەن کە نزیکەی 37 ملیار پاوەندی تێدەچێت و گەر ئەم پارەیەش لە پرۆژەی باشتردا سەرف بکرێت باشترە . جەرمی کۆربن ویستی ئەمە بکاتە بەیارێك و یەکەم: لە پەلەماندا دەرنەچێت ، دووهەمیش: گەر دەرچوو و جارێکی دیکە کە حیزبەکەی ( حیزبی کرێکاران) هاتە سەر حوکم پەیوەستی ئەم بەیارە بێت. بەڵام مەخابن، لەبری پشتگیریکردنی، هەڕەشێکی گەورەی کرایە سەر، چونکە گەورەترین نقابەی کرێکاران Unite لە بریتانیا، دژی وەستایەوە و کە گوایە کرێکارەکانیان، ئەندامەکانیان، بێ کار دەبن . دوای ئەوەش زۆرێك لە پەلەمانتارەکانیش بە جۆگرەکەی خۆشییەوە ، دژی ‘جەرمی’ وەستانەوە ، لەم حاڵەتەدا جەرمی ناچارکرا کە ئەندامانی پەلەمان ئازاد بکرێت لە دەنگدانا لەسەر ئەو کێشەیە لە پەلەماندا و هاوکاتیش بابەتەکە بێ کۆنفرانسێکی دیکە، هەبگیرێت تاکو قسەی لەسەر بکرێت.
دووهەم : ماوەیەکی زۆرە کە حکومەت دەیەوێ پلاتفۆرمێکی دیکەی هەڤڕین و نیشتنەوەی فڕۆکەخانەی بریتانیا، هیسرۆ ( Heathrow ) بکرێتەوە ، کە ئێستا هەر دوانە و بزنس پڕویستی بە زیاتر هەیە. لەگەڵ هەبوونی ئەم پێشنیارەشدا چەندە گروپی خۆجێی لە دانیشتوانی دەورو بەری فڕۆکەخانەکە دروستبوون بێ دژایەتیکردنی کردنەوەی پلاتفۆرمی نوێ، هەم لەبەر پیسکردنی زیاتری ژینگە و هەم دەنگە دەنگی زیاتری فڕۆکەکان، ئەمە لە کاتێکدا لە لایەن ژینگە دۆستان و چەپ و سۆشیالیست و ئەنارکیستەکانیشەوە پشتگیرییان لێدەکرێت.

لەم کێشەیەشدا ‘جەرمی کۆربن’ هەر وەکو هەمیشە دژ بەم جۆرە کارانە، ئاوەستایەوە و ویستی ئەمەش ببێتە بەیارێك تاکو ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی کرێکاران دەنگ دژ بەو پێشنیارە بدەن و نەبێت بە یاساو جێبەجێ بکرێت. بەڵام دیسانەوە لە لایەن هەمان نقابە و نقابەیەکی دیکە و بەهاوکاریی هەندێك لە ئەندام پەلەمانەکان

دژایەتی بەیارەکەی سەرکردەی پارتەکەیان کرا. ماوەیەک لەمەو پێش کە پێشنیارەکە چووە وتووێژی نێو پەڵەمان و دەنگی لەسەر درا و بوو بە بەیار و جێبەجێ دەکرێت . هەکاری ئەوەش کە نقابەکان لەگەڵ ئەم بەیارەدا بوون چونکە وتیان ئەمە دەبێتە هۆی زەمانەتی پاراستنی کاری کرێکارەکان و دانانی کرێکاری دیکەش . تەنانەت لەم کێشەیەدا هەوێستی ئەندام پەڵەمانتارەکەی ئەو گەڕەکە کە خۆی لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندەوە هاتووە و سەر بە حیزبی موحافیزینیشە ، چاکتر بوو لە نقابەکان ، کە ئەو لە دژی ئەوەی کە ئەو پێشنیارە بوو بە بەیار و جێبەجێدەکرێت ، دەستی لەکار لە وەزیفەکەی کێشایەوە.

Zaherbaher.com

---

# چەند کۆتەکێکی جەنازەیی … نەژاد عزیز سورمێ

(1)
هەر چیمان کرد ،
بەشی ئارەزووی
شازادە تەنپەروەرەکانی نەکرد..
هەر چیمان کرد بێ (سبەی) ،
(ئەمڕۆ) لەسەر شەقامە خوارەکانی سەدەی بیستەم
وەك چۆلەکەیەکی سێ یاری پێ دەکەن…
وەرە با پەیمانێك لەگەڵ ئەشکەوتە کوێرەکان مەڕ بکەین.
وەرە با لە کۆتەڵی بێ تارای ئەبەدییەتدا بنووین.

(2)
ئێمە ئاسمانمان ،
بێ کۆتەڵی یادگاریی ئەوانە .
ئێمە خەرمان ،
بێ باخچە هەواسراوەکانی ئەوانە..
ئێمە مانگمان ،

ئەستێرەکانمان
بێ مەداری بەتاڵی ئەوانە ..

(3)
بەرەو من بڕی
هەموو شتێکت دەست دەکەوێ
هەموو شتێك ،
بە (مردن)یشەوە..
کە ئەوە ساڵەهایە لە شەڕ بەجێ ماوە !
بەرەو من بڕی ،
دەتوانی بەرامبەری دابنیشی
یا لەگەڵی بئاخڤی ..
حیکایەت و سەربردەت بۆ بگێڕەتەوە..
مەگەر ئەو تەواوی چیرۆکی (پڕشڵ کردنی گوڵەکان)ت
بۆ باس بکا.

(5)
ئەو هەموو چاووانە..
ئەو هەموو گوڵیانە..
ئەو هەموو زمانانە..
دەستم بوو.. خواردیان .
قاچم بوو.. خواردیان .
چاوم بوو.. کوڵیان .
ئەوەتا تەمەنی بۆ کاوەژانە و بۆ پەنجەرە و بەژواریشم .
شەڕی پێدا دێتە خوار ..
ئاژاوەی لەبەر دەڕوا ..
هاتبووم بڵێم :
ئەم درەختە بەشکە لە مێژووی
هەتاوو سێبەرمان
پێویستە بمێنێ .
دەستم بوو ، خواردیان ..
قاچم بوو ، خواردیان ..
چاوم بوو ، کوڵیان ..
ئەو هەموو چاوانە..
ئەو هەموو گوڵیانە..
ئەو هەموو زمانانە..

(6)

لەم ئەلبومەدا یادگاری منایەتان کوشت
لێرە ، لەم سنوورەدا :
گرانییەکانمان ،
لەشەکی دەستەویەخەی نابەرابەردا تیاچوون . .
لە تونێڵە تاریکەکانی ئەم پایتەختەدا ،
شیعرەکان ،
شینیان بۆ پاڵەوانەکانمان گۆڕا ..
پڕمانەوە دیارە
هەموو فریشتەو شەیتانەکانمان تێراندووە
تا لە ئەفسانەیەکی سیلاکبوودا دەرکەوین ..

(7)
بەداخەوە ڕایدەگەیەنم :
گوڵەگەنمەکان پیر بوون
دەم و چاو لێچ .. ماندوو ..
وەك لەشکرێك لەشەدا
بە دڵداوی گەڕابنەوە ..
لە گوڵی ڕووبارەکان کەبونەتەوە
نوێژ بۆ شارای دزراو دەکەن ..

8/1993

---

# مامۆستایانی خواست و ئاگایی … بارزان دڵداقۆیی

لە هەر کەمگۆیەکی پشکۆتووبنواین یان لە پشکۆتنکانی سەراسیمە بووبین، ئەوە خاڵك ئاماژەی پێبکرێت، ڕەخستنە، ڕەخستن پەوەندی بە زانینەوەیە، زانینیش لە ڕگەی پرسیارکردن، فڕکردن و گەیاندن دەتە دی، وەجا پگەی مامۆستا گەلە لێرەدا بەرز و مەزن دەکەوێتەوە، لە کەی مامۆستا لە ژوور چینەکانی تری کەمگە دەردەکەوێت؟ ئەم پرسیارە پەوەند بە ئاگایی و ڕەخنەگرتن لە خەیە، ئەم خەیە مامۆستایە، چەندە نەخوێندەرو دەبەنگ بێت گەلەتەرو

چەندش ئاگایی لە زانست، مێژووی نەتەوەو ئەدەبیات، بەکورتی بخوێن بێت، ئەوەندەدوورنماتر و بەتەك پەروەردە، رەخنەگرتن و خەستە ژێر بەرپرسیاریێتییەوە، بەخەم دەبێت.

بەیە دەبێت مامۆستا پێشەنگی کۆمەڵگە بێت، ئەم دەتوانێت وابکات رەخنە بگیردرێت و شتەکان بخاتە ژێر چنگی لێپرسینەوەوە، لێپرسینەوە وابەستەیە بە دادوەر، ئاخەمامۆستا دادوەر؟ سەرەشقبووون بەسەر گشت، لە وانەگوتنەوە و چۆن راهێنانکردندایە، وانەگوتنەوە لەبەرانبەر بیانییدایەو راهێنانکردنیش لە بەرانبەر چاودێریکردندایە، کەواتە مامۆستا کە راهێنانکار؛ چاودێرە، ئەم چاودێربوونێش سەرەشقبووونە، کەواتە مامۆستا چاودێرە بەسەر راهێنانپێکراوانی دوێنێ، بەیە بە وانە پەگوتراوانی دوێنێ، لە بیانییاندا دادوەرە، دادوەرە چونکە بەرپرسیان بووە، ئەگەر دوێنێ، خەی نەکردبێتە بیانیوان و چاودێر، ئەوە ئەم مامۆستایە مەحکوومو تاوانبارە،

کەسی سەرەشقیی، دروستکاری بیری ئازادە، وابەستە نییە بەهیچکەس، زووتا بەبەرژەوەندخوازان و بیار بەدەستانی نەخوێندەوار لێنادات و نەژێنێ، نەژێنین خاوەنیبوونە بە خواست، خواستیش کۆمەڵگەی چالاك و نەوەی بەئاگا دروست دەکات،
تاکەکی کارا، کە وانەپەگوتراوەکی مامۆستای بەئاگا بووەو پەگەیەنراوەکی پێ خواستە، ئەوە ئاگایی بەسەر خەیەوە هەیە و دەوەستەندە بە ئەمە و هەست بە دووەدی و ترس ناکات، سەر مەشقی ئەم تاکە، خودە ناسکردووەکەیەتی و ئازادیش نان و شەڕفمەندیەتی، بەیە لەسەر بناغەی وەها تاکەك کۆمەڵگە وەك ئەو دەخە هیچخوازیی و بەها داووخاوە ناکەوتنەوە، پرس و شتەکان بەرەو بنبەست ناچن، بەیە دوای ئەم گەشکردنە پەروەردەیە، هزر و ئازادی لەدایك دەبن، هەزر بە کۆمەڵگەیەکی شارەستانی و خاوەن کولتوور و ئازادیش ناسنامە.
تەکەوتنی کۆمەڵگە لە گەندەڵی و مافخووراوی، پەیوەندی سەرەکی بە نەبوونی خواست و ئاگایی مامۆستاوە هەیە، چونکە مامۆستا بەرپرسیاری سەرەکی ئەم دەخە رانەگوزەرە بەکیسەڵبووەیە، مامۆستا رەگەری بەردەم گەشە و گەشان نییە، بەڵام زەر بەداخەوە نەبوونی خواست و ئاگایی لە مامۆستاکانماندا ئەم دەخەی ئەمەی بەرهەم هەناوە، دەخەك کە گەنج و وەچەیەکی تەنبەڵ، نەخوێندەوار، ترسەنەك و بەدەنگ لە ماف و ئازادی پە بەخشیوین.

بەمنەتبوونی سەرەك و ئاراستەکردنی ئەم گەلەمەگەلە بەرە و

هەڵپەین و نەزانین بردن، پەیچنەبوون و کەیلە سەیرکردن، هیچ شتێك نییە لەو بەرهەمە، کەبوونی وێنەی کارەکتەرکی دەنکیشەتییە، کە دواجار مامۆستاکانی ئەم سەرکە داستان خەیاڵاوییە، مامۆستایانی بەخواست و گەلحە بوون.
خۆساندن یان کوشتنی خواست لە تاك خوێندکارانماندا، وادەکات پاشکەیی، کەیلەبوون و بەدەنگی بە مافی خۆیان بزانن، باڵاکردنی هەستی خۆ پەیچنەبوون؛ دەرەتانە بە ئایینەدەی کەمەگەو نەتەوەیەکی بە ناسنامەو دەوڵەت.
مامۆستای بەخواست و ئاگایی، ناتوانێت خوێندکارەکی ئازا پێ بگەیەنێت، بەیە لەم وڵاتەدا هەیمەنەی حزبیی، باڵی کەشاوە و رابەری پەروەردەیە، لەژێرهەژمووونی ترساندن و و کەیلەکردندا، مامۆستای بەخواست و ئاگایی، دەستەمەی چارەکە موچەیەك کراوە پێشی شەرفمەند، نەك شەرفمەند کرابێت پێی.
لە کۆتاییدا گەرەکە بگوترێت: دەبێت مامۆستا، گەلانەکی بنەڕەتی لەژیانی خۆی دەستپێبکات و پێی بە خودە رەسەنەکەی خۆی ببات و بیەزێتەوە، ئەمەش لەپێناو وەگەڕخستنی ئەم گەلە وابەستە بە نەریت، نەزانی و ڕەوێنراوە لە ماف و ئازادیی.

---

# ئەوارە هەیە ، هەور بە دەست بەتاڵییی دەتەوە ..... نەوزاد بەندی

کورتەی هەواڵەکان ، دەست بەتاڵە ..
پەرلەمانتارانی بەغداد ، دەست بەتاڵە ..
حوکمەت مەڵە ئەکا و
ئەڵە : سااڵەکی تریش ،
ئەبە هەموو ئەوارەیەک ،
بە دەستی بەتاڵ بەڕێوە ..
مامۆستا بە دەستی بەتاڵ ، بۆا بە مەکتەب ..
جەژن بە دەستی بەتاڵ ئەڵاهو ئەکبەر ..ئەڵاهو ئەکبەر ..
موعارەزە ئەڵە : شتمان کردووە بەتان ،

بەس ئامۆژگاریتان ئەکەین
کە واز نەهێنن لە دەستی بەتاڵ ..
دایک لە چێشتخانە ،
بە دەستی بەتاڵەوە بە منداڵکانی ووت :
ئەمڕۆ نامتوانی ئاگر بکەمەوە ..
کەمئەندامێک بە دەستی بەتاڵەوە ،
بەسەر عەرەبانەکەیەوە ،
هاتەوە بە ماڵەوە ..
پێیان وتبوو : لیستی موچەی ئەم مانگە ،
کەم ئەندام و منالی شەهیدی تیا نیە ..
شەهیدە بە دەستی بەتاڵەوە گەڕایەوە دیوانی خوا ..
پێیان ووت : ماندوو نەبی ….
ووتی : ئەستا قووتی منداڵکانم ،
بە دەست نیشتمانفرۆشکەوە نیە ،
کەنکەنی پە دەکا ..
ماندووم ..زۆر ماندووم ..
شەهید نیم ، مردووم ..
بەوانە ..
ئەو خەڵکە هەمووی دەستیان بە تاڵە ..
بەوانە ..درەختەکان چەند بە دەست بەتاڵیی ،
تەماشای یەکتری ئەکەن و ئەڵێن :
بەینەوە لە دەستبەتاڵیی باشترە …
پیرەمێردێکی حەوت گۆز ێیش ووتی :
ئەزانن چییە عیللەتی پەتای دەسبەتاڵیی ؟
فرۆشتنی قووتی میللەتەکە هەر بە کاڵیی ..

---

# زمان … پشکۆ ناکام

ئای پڵاوی لاستیکی نگبەت، بزانە بە ناوی تۆوە چی ئەگوزەرێ! ماوەیەکە لەرە و لەوێ ناوی تۆ بەتۆ بنەشتۆ خەڵکی سەر زمانی چەن بازرگانێکی خۆ بە سیاسەت مەشغوڵکەرەوە کە هەر سەیری گیرفانیان کرا ، یەکسەر تۆ ئەکەن بە شایەتی ئابردوویان وبە دەنگ کردنی خەڵک بە جۆرێک وەک چەن کەسانی سلکی دیبلۆماسی (حصانة) یان هەیە ،

ئەوانیش ئەیانەوێت تۆ( پێڕاوی لاستیک ) بکەن بە حەیوانێکی خەیان نە کەس بۆی هەبێت سەیری جانتاکانیان بکات، نە کەسیش بۆی هەبێت لێیان بکەوێتەوە… خۆ ئەگەر هەزار مەتر تێیان لێ پێ کردبێت ،ئەستا سەدان هەزار دۆلاریان لێ بڕی وەرگرتۆتەوە لەسەر پرینسیپی " پێڕاوی لاستیک بڕامبەر دۆلار " ، هەر چۆنێ گەر هەموو ڕەسمەکانی ئەو کاتانەی بە حساب تێیان لێ پەیدا بوو نیشان بدەن ، دەرئەکەوێت چۆن بە ناوی تۆ وە شەرعیەت ئەیەن بە ئەستایان..چۆن بە دەم تۆ وە قسە ئەکەن بەمەش سنورێک لێ نەوان زەمانی تۆ و ئەستای پێڕاوی چەرمی ئەوروپیی ناهەڵن… ……خۆکانێک لێ هەموو سەنگەرەکانیانا : کەمەبەی ئاڵای شەڕش ، لەوەوە بە زەحمەتکەشان ئینجا پێچک بە ' کەمەیی کەسکی کوردستان' ، و لێ بەنزین بەانیشا لێ ماڵێ گەورەکە ! سلفەکیان کوژانەوە بە ئەوەی تۆ یان لێ پیا بێت، ئیتر شیرین کردنی ناوی تۆ بە ! جا ئەگەر هەر کەسێک چۆن مانگ و ساڵێک تۆ لێ پێ بکا و دواتر دەڵێمەند بێ ، لام وابێت تۆ " پێڕاوی لاستیک " هێندە گران ئەبویت مەگەر هەر لێ ئەوروپا و لێ چۆن کەگایەکی تایبەت دەست بکەوتیتایە …. ئەزانم تۆی داماو ئەی پێڕاوی لاستیک گەر' زمان ' ت هەبوایە،چیت ئەووت…….